Kurdistannet کوردستان نێت

# یادی تۆ   ئەحمەد دەشتی

تۆم لە یادە
هەموو کاتێ لە بەرچاوم
خۆرەتاو و مانگەشەوی
هەموو وەرزی  ژینی منی
هیوای دوێنێ و
ئەمڕۆ و سبەو تا مردنمی
لە گشت کات و ڕۆژگارانم
هەموو دەشت و چیاو خاکت
خڕ کۆسار و گشت بەندەنو
شارو گوندو تاڤگەی جوانت
گشت هەڤال وشەهیدان و
دۆست و یارت
لەهەناو و شادەمارو
تەهی دڵ و خۆشەویستی
ئەم دەروونەی ناو جەستەمی
هەرچەند کە دوور دوورم لەتۆ
بەڵام لە ناو نگاو شا دەمارو
چاوەکانی منی ئەتۆ
لە گۆرانی و ڕازی دڵ و
گیانی منی
لە هۆزان و نیگاکانی
دوور وەڵاتی و ژینی منی
وامەزانە کە دوورم لێت
لە من ونی و لە یادما نی
نەخێر ئەتۆی خۆشەویسم
لە گشت ساتێ لەم غوربەتەش
گشت سەبوور و
نۆخەی دڵ و بیری منی
لە ناو خانەی خەیاڵم دا
قەت ون نابی و
ئەتۆ ڕوگە و چاوی ڕوون و
گشت ڕامانی دڵی منی
ژیان بەبێ خۆشەویستێ ماناى نیە
بۆ من ئەتۆی کورستانم
لە گشت شتێ جوانترو
خۆشەویست و پیرۆزتری
هەتاکو هەم کوردستانم
سەربەخۆییت بۆم مەرامەو
ڕێی خەبات و هەستی منی

بەهاری 2001